

# تەمی خەمی بەندیخانە

نووسینی: سەعیدی میکائیلی (تیتە) و ڕەحمانی شەنگە پوور
ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

وەسیەتەکەم ئەوەیە:

" تیتە ماڵی نیە بێبەخشێ جیا لە سەر بۆ کوردستان".

پێڕست:

.پێشەکی.......................................................................٤
.ڕۆژنامەی سەدەمی نوێ.........................................................٦
.نامەیەکی بێ تەئریخ.........................................................٧
.بەشێک لە بیرەوەرییەکانی شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور...................١٠
.ڕۆژنامەی کەیهان.........................................................١٤
.وێنە.......................................................................١٥
.وێنە.......................................................................١٦

پێشەکی

لەماڵی دۆستی خۆشەویستم کاک ناسری ئیبراهیمی میوان بووم. پرسیاری ئەوەم لێکرد کە ڕۆژنامەکانی "سەردەمی نوێ" چوون دەتوانم پەیدای کەم. کاک ناسر گوتی: من تەواوی ژمارەکانم هەیە وەختی خۆی کاک کەریم حسامی بۆی کردوومە کتێب و پێشکەشی کردووم. ئەگەر پێویست پێیەتی دەتوانی بە قەرز وەرگری. ماڵی کاک ناسر ئاوەدان بێ هەم میواندارێکی باشی کردین و هەم ئەو ڕۆژنامانەی دامێ، زۆری سپاس دەکەم.

زۆر بابەتی باشم لە ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ وەرگرت، دووبارە نووسیمەوە و بڵاوم کردەوە. یەکێک لەو بابەتە باشانە نامەی شەهید سەعیدی مکائیلی " تیتە" بوو. ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ ئەو نامەیەی بە نێوی " نامەیەکی بێ تەریخ " بڵاوی کردۆتەوە کە بە بڕوای من ئەو نامەیە، دەبێ وەسیتنامەی شەهید کاک سەعیدی مکائیلی " تیتە " بێت، و زیاتر ناوەڕۆکی نامەکەش وەک وەسیتنامەیە تا نامەیەکی ئاسایی.

من دەمزانی کە کاک کەریمی بللووریش یەکێک لەو هەشت کەسانە بوو کە لەگەڵ " تیتە " شەهید کراوە، بۆ وەی دڵنیا بم تاریخی شەهید بوونیان و... بووە پەیوەندیم بە کاک یونسی بللووریەوە گرت. کاک یونس پێ ڕاگیاندم کە شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور کە ئەوەیش لە گەڵ ئەو هەشت کەسە ئیعدام کراوە بیرەوەری لە زیندان دا نووسیوە و ئەو بیرەوەرییانە لە ماڵپەڕەی "نەمران "دا بڵاوبۆتەوە.

نووسراوەکانی شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور تا تاریخی ١٣٦٠/٤/٣ و دوایی تەواو دەبێت. ڕۆژنامەی کەیهان سەر بە حکوومەتی ئێران تاریخی ئیعدامی ئەو هەشت کەسەی ١٣٦٠/٤/٥ ڕادەگەینێت. پەس دەتوانین بەڵێن ڕۆژی هەینی پێنجی پووشپەری (تیر)ساڵی ١٣٦٠ بەرانبەر بە ١٩٨١/٦/٢٦ لە شاری ورمێ شەهید کراون، و هەروەها لە سەر گڵکۆی شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور"یش تاریخی ١٣٦٠/٤/٥ نووسراوە.

پەس دەبێ نووسینەکەی شەهید سەعید مکائیلی"تیتە" ڕۆژی ٥ مانگی پووشپەر (تیر) ساڵی ١٣٦٠ نووسرابێت، و خۆیشی بەم جۆرە لە نامەکەیدا دەنووسی: هەواڵەکەم! ئەوە ئیمرۆ ئاخر ساتێکە کە لە بازاری پیاوەتی دا ئەمن ژیانم ئەبەخشم...

دوو ساعەتی ژینمان بە پەلە تەواو دەبێ یەکتر لە باوەش دەگرین، نازانم لەو حەوت کەسە کامیان زووتر ماچ کەم ...

من خۆم ناوی ئەو بابەتەم نا " تەمی خەمی بەندیخانە " پێم وایە ئەو نێوە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە دێتەوە. بۆ وێنەی شەهید سەعیدی مکائیکی (تیتە) زۆر گەرام و پرسیارم کرد بەڵکوو بتوانم پەیدای کەم کە بەداخەوە بۆم پەیدا نەبوو. ئەگەر کەسێک وێنەی ئەو مرۆڤەوە تێکۆشەرەی هەیە بۆم بنێریت زۆری سوپاس دەکەم.

سپاس بۆ هاوکاری سیمینی ئیفتیخاری.

فارووق فەرهاد

٢٠٢٤/١١/١ سوئید

ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ

یەکێک لە خوێنەرانی بەڕێزی "سەردەمی نوێ" لە گەڵ پیرۆزبایی لە دەرچوونی ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ نامەیەکی بێ تەئریخی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرێکی کوردی بۆ ناردووین کە ئیرادە و فیداکاری و نیشتمانپەروەری لاوانی کورد نیشان دەدا.

نووسەری نامەکە کاک "سەعیدی میکائیلی" (تیتە) خەڵکی شاری مەهابادە کە ساڵی ١٩٨١ لە بەندیخانەی شاری ورمێ بە دەستی پیاو کوژانی کۆماری ئیسلامی ئیعدام کراوە.

ئێمە لە گەڵ سوپاس بۆ هاوکاری ئەم خوێنەرە بەڕێزە ئەوە دەقی نامەکە بە بێ دەستکاری لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

نامەیەکی بێ تەئریخ

خەمخۆرە دڵسۆزەکەی کوردستانی ڕازاوە بە گوڵ و جوانی، دوا نامەی هاواڵەکەت کە ساتێکی دیکە بەرەوپیری مەرگ ئەروا وەرگرە.

ئەوەندەی باڵی خەیاڵ بیر بکا و تیژ بڕوا، هەزار ئەوەندە بە خەیاڵی دوا ڕۆژی تۆ و نیشتمانەکەمەوە خۆم خافلاندوە و لێکم داوەتەوە، کەوتوومە ئۆخەی ژیان کاتێک هەستت پێدەکەم چەندە خۆشەویستی، بەڵام هەر کات لە بەرابەر هاواڵەکان و کوردستانت دا ئەبینم و ئەڕوانمە ناوچاوانتان تریفەی ئاواتی ڕیشی سپی و ڕوومەتی چرچی تۆ دڵۆپی خوێنی ڕژاوی منالە هەژارەکانی کوردستان لە دەروو دەشت و شاری دەبینم، ناتوانم لە ژیان نە تۆرێم و تووڕی هەڵنەدەم.

هاواڵەکەم! ئەوە ئمڕۆ ئاخر ساتێکە کە لە بازاری پیاوەتی دا ئەمن ژیانم ئەبەخشم و شەرەف و سەر بەرزی وەرئەگرم. پێم وایە لەو گۆڕینەوەدا بە قازانجی من دەور گۆڕابێ.

هاواڵەم! ساتێکی دیکە دوژمنان مێشکم دەپرژێنن و مەیتەکەم لە دارێک دەبەستن.

هاواڵەم! بەندەوانەکانم کپ و کرن و دوورن لە فام و دروون لە بژێوی ژیان بێ بەشن. چەند کەس لە وانە وەکوو دالاش تێنوی خۆڕەی خوێنی گەشن.

هاواڵەکەم! ئەوەی نەزانن یاسای مرۆڤایەتیە و لە هەوڵی داسەپاندنی نیزامی مەرگ و گوشت و برن. هاواڵەکەم هەر چەند ڕووحمی باوکم لەمێژە لە سەر نەماوە و بەجێ هێشتووم. بەڵام لەوەتی لوولەی تفەنگی پێشمەرگە و ڕدینی سپی و نێوچاونە چرچەکان وەبەر چاوم کەوتووە، فەرامۆشیم پێهاتووە.

بۆ دایکم چ بنووسم. هەموو زەڕە زەڕی ژیانم هاواری لێدەکا و پێم خۆشبوو لە داوین سەعاتی ژیانمدا بۆنی هەڵمژم و بەسەرو کەوشی دا کەوم. ئاخر ئەو هەر کاتێ عاجز بایە دەچوومە لای کەوشەکانی و هاوارم دەکرد:

خرپنه؟ دایکم پێدەکەنی و ئەووت خەونم دیوه کوترەکان هێلانەکانیان دا لاش رووخاندوویەتی.

خرپنه، تۆ بلێی ئەوه وەڕاست بگەڕێ. له باوشی ئەگرتم و بزەی لێوی دەبوو به قاقا خەم ڕەوێنەکەم.

تو بلێی ئیدی به کێ بلێی "خرپنه" و چەمۆلەی لێ بنێ و خەون بۆ کێ بگێرێتەوە؟

هاوالەکەم! ئاواتم بوو به هەموو کوردستان دا بگەڕێم. له هەموو لایەک سنوورێک درووست کرابێ تێکی بدەم و له گەڵ دەزگیرانەکەم بووکه شووشەی خنجیلانه، له وێنەی ئەو له بەهار دا له دارستانی تێپەڕم بۆ سیا کێو دەرباز بین و له زەرد و مایی کوێستانی قەندیل کەپرێکی له داری عود و هەلاشی ڕەشه ڕیحانه بۆ ساز کەم و به دەنگی لاوکۆی شوانه وێڵه خەوی لێ بکەوێ و به قاسپەیکه له خەو ڕاپەڕێ.

هەوالەکەم! هەستم کرد دوو وەتاخ ئەولاتر تەقەی پۆتین دێت. بەندەوانەکان تێکڕا دەڕۆن. براکانم هەستاون. له بیرمانه هەموو ڕۆژێک به سروودی "گەل زیندووه" به دوژمن ئاگادار کەین.

بەڵام ئەمرۆ سروودی " کوردستان نیشتمانی خۆشەویستم کوردم و ئەتپرستم" لەسەر زاری هاوڵان دەبیسترێ. به چاو یەکتر دەدۆێنن. دوو سەعاتی ژینمان به پەله تەواو دەبێ یەکتر له باوەش دەگرین، نازانم لەو حەوت کەسه کامیان زووتر ماچ کەم.

هەموو پێکەوه به سەربەرزی ئاخر سروودی "مەردین و کوردین ئێمه" دەخوێنینەوە. گڕ له دەروونمان دا بلێسەی سەندووه. برا جوانکیلەکەمان هەستی پیاوەتی دەیگرێ، هاوار دەکا ئەی جەلادی خوێنمژ تا کەی خوێن ڕشتن، هەر دلۆپێکی خوێنم شەپۆلی لافاوێکه بۆ کۆلێنی بناخەی دارێژراوی ستەمت.

وەسیەتنامەکانمان لە دیواری بەندیخانە دەنووسین. ئاخر کەس ئەمن دەبم کە بینووسم. وەسیتنامەکەم ئەوەیە:

" تیتەماڵی نیە بێبەخشێ جیا لە سەر بۆ کوردستان".

سەعیدی میکائیلی " تیتە"

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ ژمارە ٤ بانەمەڕی ١٣٦٥ هەتاوی مای ١٩٨٦

## بەشێک لە بیرەوەرییەکانی شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور

شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور بە وریاییەکی وەسف نەکراوەوە لە کاتی دەست بەسەرکردنی لە بەندیخانەی سپای پاسدارانی مەهاباد، بەسەرهاتەکەی لە تێنووسێکدا دەنووسێتەوە کە دوای لە سێدارەدانی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە لە جانتای تایبەتی خۆیدا دۆزرایەوە.

لە ڕێکەوتی ١٣٦٠/٤/٤ هەشت کەس لە لایەن "خالید بوڕاقی"ەوە، دەستبەسەر کرابوون، لە تۆڵەی مەرگی نابراو بە پەنجە هەڵبژێردران (بەبێ ئەوەی ناویان بزانن یان یادداشتێکیان هەبێت) و بە هێلکۆپتەر ڕەوانەی ورمێ کران.

بە وتەی یەکێک لەو زیندانیانەی کە لەگەڵ ئەم هەشت کەسە لە بەندییەکەدا بووە، سەرەتا دە کەس هەڵدەبژێرن، کە ئەو کەسەش یەکێک لەوان بووە، بەڵام یەکێک لە بەندکراوەکان بریندار بووە و ئەو کەسەش قۆڵی گرتووە بۆ ئەوەی بتوانێت بڕوات. لەبەر وەیەکە ئەم دوو کەسە ناتوانن بە پێی ئەوانی دیکە بڕۆن و لەوان جێ دەمێنن، پاسدارێک دێت و دەڵێت:

هەشت کەس بەسە و ئەم دوو کەسە دەگەڕێنەوە.

بە خۆشیەوە دوای ماوەیەکی ئەو دوو کەسە ئازاد دەکرێن ئەوەش لە کاتێکدایە کە بۆ خۆیان دەڵێن تاوانەکانی ئەوان قورستر بووە لە هی ئەوانی کە ئەو ڕۆژە لە سێدارە دراون.

سێ شەممە کاتژمێر: ٦:٤٥ دەقەی پاشنیوەڕۆ:

ئەمڕۆ لێپرسینەوە نەبوو. پاشنیوەڕو، دوای نان خواردن، تاقەیەکی گچکەم بۆ شمەکە زیادەکان دروست کرد و بە هاوبەندییەکانم گوت: بەختی خۆم باش دەناسم، هەر کات لە جێیەک شتێک ساز بکەم، وای لێ دێت کە ئەو جێیە جێ دەهێڵم و هەر واش بوو.

کەترییەک ئاوم گەرم کردبوو بۆ ئەوەی سەرم و جلەکانم بشۆم، بەڵام هێشتا ئاوەکە گەرم نەببوو کە دەرگای زیندان کرایەوە و ئاغای "خالقی" هاتە ژوورەوە و من و ٦ کەسی تری هەڵبژارد بۆ ئەوەی دوای نانخواردنی ئێوارە شوێنەکەمان بگۆڕن.

نانی ئێوارەی چی؟ کەس تاقەتی خواردنی نەبوو. هەموو بەندکراوەکان بە بیستنی ئەو هەواڵە پەشۆکا بوون. بەبێ نان خواردن شتەکانمان کۆ کردەوە و کاتژمێر ۷:۱۰ ماڵئاواییمان لە بەندکراوەکان کرد. خودایە هۆگر بوون و هاوڕێ بوون چەند ئاسانە. بەڵام بە پێچەوانەوە، دووری و دابڕان گەلێک دژوار و بە ئازارە.

کاتی ماڵئاوایی لە بەندکراوەکان هەموویان دەگریان و زۆربەیان لە دایکی منداڵمردوو دەچوون. لە نێو ئەم شەش بەندکراوە دا کە شەش مانگ یان کەمتر پێکەوەن و تاکە هاوڕێ و خەمخۆری یەکتر بوون لە گۆشەی ئەو زیندانە (ناخوێندرێتەوە). دابڕانی ئەو هاوڕێیانە زۆر جێگەی داخ و پەژارەیە. تەمی خەم بەندیخانەکەی داگرتووە و لە هەموو کەلێن و قوژبنێکەوە دەنگی گریان دەبیسترێت.

کاتێک ماڵئاواییم کرد، لەبەر قورسی خەمی دابڕان، بە زەحمەت توانیم کۆنترۆڵی خۆم بکەم هەتا نەگریم و پەژارەی زیاتر نەخەمە ناو دڵی ئەوانی تر. بە هەر کلۆجێک بوو، کاتژمێر ۷:۲۵ دەقیقە پاش شین و شەپۆڕ، ماڵئاواییمان لە هاوڕێکانەمان کرد و بەرەوئەو ژوورە ڕۆیشتین کە پێشتر بۆیان ئامادە کردبووین.

ئێستا حەوت کەس لەم ژوورەدا دانیشتووین و بیر لە داهاتوو دەکەینەوە. کەس هۆ و هۆکاری گواستنەوەمان لە بەندی گشتی بۆ بەندی تاکە کەسی نازانێت. هەموو پەشۆکاو و نیگەرانین. کەس قسە ناکات و هەموو پەنایان بۆ جگەرەکێشان و بێدەنگی بردووە.

کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی شەو دەرگاکەیان کردەوە و یەک یەک بردیانین بۆ ئاودەست. هەموومان سەرمان سوورماوە لەو کارە، چونکە ئێمە دراوینەتە دادگا و زیندانی تاکەکەسی بۆ ئەو کەسانەیە کە تازە دەستبەسەر کراون. هەمووومان دەستمان بەرز کردۆتەوە بۆ بەردەم دەرگای خودایی بێ هاوتا و هیوادارین عاقیبەتمان وەخێر بگێڕێت.

١٣٦٠/٤/٣

کاتژمێر: ١١:٥٢




شەهید ڕەحمانی شەنگەپوور

وێنە: لە ماڵپەڕەی نەمران وەرگیراوە

ڕۆژنامەی کەیهان

شەممۆ ١٣٦٠/٤/٦ مانگی پووشپەر (تیر) لە ژمارەی ١١٣١٨ لاپەڕەی ١٤دا بەم جۆرە دەنووسێت:

بە فەرمانی دادگای ئینقلابی ئیسلامی کوردستان و مەهاباد لە شاری ورمێ. هەشت چەکدار و چالاکی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات لە سێدارە دران.

ورمێ ـ پەیامنێری کەیهان ـ ٨ سزادراوی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی مەهاباد لە سێدارە دراون و یەکێک لە مەحکوومەکان وەبەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئەماننامەکەی پێگەیشت و هەروەها ٤ سزادراوی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی مەهاباد بە دانانی بارمتە و پاش پەشیمانییەکی زۆر ئازاد کران.

بە بڕیاری دادگای ئینقلابی ئیسلامیی کوردستان و مەهاباد، ٨ کەس بە تاوانی یاخی بوونی چەکداری دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوکاری لە گەڵ گرووپە هەڵوەشاوەکانی کۆمەڵە و دێمۆکرات و دوژمنی کردن لە گەڵ خودا و پێغەمبەری خودا و گەندەڵکاری سەر زەوی، ناسراو و سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپا. ئەو حوکمانە دوای پشتڕاستکردنەوەی دادگای قوم، دوێنێ ٦٠/٤/٥ لە شاری ورمێ جێ بە جێ کران. ناوی ئەو کەسانەی لە سێدارە دراون بەم شێوەیەن:

کەریم بلووری، سەعید مکائیلی، مستەفا بەکری، ڕەحمان شنەگەپوور، جەعفەر سیگاری، سەعد عەباسی، ئیسماعیل ئاقچە مەسجدی، مستەفا پوورئازەر.

هەروەها لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا ١٠ بەندکراوی دادگای ئینقلابی ئیسلامیی مەهاباد، کە هاوکاری گرووپەکانی دژ بە ئینقلابیان کردبوو و حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپابوو، پاش پەشیمانی بەڵێنیدان لە بەندیخانە ئازاد کران.

سەرچاوە: لە ماڵپەڕەی ناوەندی نەمران وەرگیراوە.

صفحه ۱۴
شنبه ۶ تیر ماه ۱۳۶۰
۲۴ شعبان ۱۴۰۱ — شماره ۱۱۳۱۸

به حکم دادگاه انقلاب اسلامی کردستان و مهاباد در ارومیه

# ۸ مهاجم مسلح و همکار کومله و حزب دموکرات اعدام شدند

ارومیه — خبرنگار کیهان: — ۸ نفر از محکومین دادگاه انقلاب اسلامی مهاباد اعدام شدند و یك نفر از محکومین مشمول عفو امام واقع شد و امان‌نامه دریافت داشت وهمچنین ۱۰ نفر از محکومین دادگاه انقلاب اسلامی مهاباد با دادن تعهد و اظهار ندامت آزاد شدند.

بحکم دادگاه انقلاب اسلامی کردستان و مهاباد ۸ نفر بجرم قیام مسلحانه علیه جمهوری اسلامی ایران و همکاری مسلحانه با گروههای منحله و وابسته کومله و دمکرات‌محارب باخدا و رسول‌خدا و مفسدفی‌الارض شناخته شده و به اعدام محکوم گردیدند.

احکام صادره پس از تائید دادگاه قم، سحرگاه دیروز (۵ر۴ر۶۰) در ارومیه بمرحله اجرا گذاشته شد. اسامی اعدام‌شدگان بقرار زیر است: کریم‌بلوری — سعیدمیکائیلی — مصطفی بکری — رحمان شنگه‌پور — جعفر سیگاری — سعد عباسی — اسماعیل اقچه مسجدی — مصطفی پورآذر.

در طی هفته گذشته نیز ۱۰ نفر از زندانیان دادگاه انقلاب اسلامی مهاباد که با گروهکهای ضدانقلاب همکاری داشته و محکوم به زندان گردیده بودند با اظهار ندامت و پشیمانی و دادن تعهد از زندان آزاد شدند.



فارووق فەرهاد